
ڕۆشنبیری گشتی و ئیسلامی . زانست و ئیمان

پەیامی قیبلە

زنجیرەی
٢١



# پەیامی زانستی

د.عومەر عەلی

٢٠١٩

زنجیرە (٢١)

# پەیامی زانستی

د. عومەر عەلی

٢٠١٩

پەیامی قیبلە
ڕۆشنبیریی گشتی و ئیسلامی . زانست و ئیمان

ناوی کتێب: پەیامی زانستی

نوسەر: عومەر عەلی

دیزاینی ناوەوەو بەرگ: توانا ئەحمەد

چاپخانە:

تیراژ:

نرخ:

ژمارە (        )ی ساڵی (        )ی
لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکانی پێدراوە

بسم الله الرحمن الرحيم

## پێشەکی:

لەگەڵ فراوانی و ئامێرو دەزگا خزمەتگوزاریەکانی فێربوونی سەردەمدا، هێشتا ئێمە لە سەرەتایەکی زۆر سەرەتایداین، وەك پێویست و وەك ئەوەی کە هەیە سودمان لەو ئامێرو خزمەتگوزاریانەی سەردەم وەرنەگرتووە.
مادام لە بنەڕەتدا دەستمان دەگات بە ئامێرەکان و موتەوەفرە لە بەردەستماندا، دەکرێت ئێمەش هاوشانی گەلانی تر، بە کەمترین ماوەو تێچووی ئامانجەکانمان بپێکین، نەك هەر لەسەر هەمان ڕێچکەی کۆن و دووبارەکردنەوەی هەڵەکان.
چەند وانەو تێبینی گرنگ و خێرا بۆ قوتابیان لەم پەیامەی قیبلەدا.

## چۆن سود لە کاتەکانت دەبینی بەهۆی بیستنەوە

کاتێـك لـە زانکـۆ بـووم لـە بەریتانیـا لـە جێگەیـەك کارم دەکـرد هەمـوو شـەوێك لـە کاتژمێـر ٥ی ئێـوارە بـۆ ٤ی بەیانـی، زیاتـر لـە کاتژمێرێکیـش هاتووچـۆ بـوو، کـۆی هەمـووی ١٢ کاتژمێـر بـوو زیاتـر لـە ٩ کاتژمێـری گوێبیسـتی وانەکانـی ڕۆژوو هەمـوو ئـەو مادانـەی کـە دەمزانـی سـودم پـێ دەگەیەنێـت لـە ڕێگـەی جیهـازی تۆمارکردنـەوە گوێـم لـێ دەگـرت، لـە سـەرەتاوە ئـەو جێگـەی کارم لـێ دەکـرد بانگیـان کـردم وتیـان نابێـت ئـەو جیهـازە بـۆ گوێگرتـن بـەکار بهێنێـت، منیـش وتـم هیـچ کاریگـەری لەسـەر کارەکـەم کـردووە؟ وتیـان نـا بـەڵام هەندێـك جـار کـە بەنـاو کارگەکـەدا دەگەڕێیـت لەوانەیـە دەنگـی ڕافیعـەکان نەبیسـتیت و لێـت بـدات، دواتـر لەسـەر ئـەوە ڕێکەوتیـن کـە یـەك گوێـم بـۆ ئـەوان و گوێیەکیـش بـۆ خـۆم، بـەو شـێوە یـەك گوێـم بـۆ بیسـتی ووتـارو وانـەکان بـەکار دەهێنـاو گوێیەکیشـم بـۆ وریایـی خـۆم، بـە کورتـی دەمەوێـت ئـەوە بڵێـم تەنهـا یـەك گوێـش بەسـە بـۆ ئـەوەی سـەرکەوتووبین، جـا ئەگـەر قوتابـی کاتـی هەبێـت و ئیـش نـەکات و هەمـوو جەسـتەی هـی خـۆی بێـت، حـەق وایـە زۆر نمرەکانیشـی بـەرز بێـت.

## چۆن سود لە کاتەکانت دەبینی بەهۆی خوێندنەوەوە

گرنگترین کار لە بواری خوێندندا توێژینەوەیە، زانکۆکانی جیهان ئەوانەی لە پلەی زۆر بەرزدان قوتابیانی فێری توێژینەوە دەکات نەك زانست و لەبەرکردن، ئەوکات قوتابی ناچاری خوێندنەوە دەبێت، فێربوونی توێژینەوە لایەنی نەزەریەکەی زۆر ئاسانەو هەموو کەس بە ئاسانی فێر دەبێت، دواتر پێویستە زۆر بخوێنیتەوە بۆ ئەوەی توێژینەوەکەت بەڵگەدارو وەرگیراوبێت لە زانکۆ، زانکۆ پێشکەوتووەکان بەرنامەیەکیان هەیە پێی دەوترێتTurnitinبەهۆی ئەو بەرنامەوە ئاستی توێژنەوەکە دیاری دەکەن و دەزانن گەر قوتابی لە هەر جێگەیەك توێژینەوەکەی دزی بێت و لە ڕێژەی خۆی تێپەڕی قوتابی فەسڵ دەکەن، بەڵام بە داخەوە لە کوردستان توێژینەوەیەك لە زانکۆیەك بۆ زانکۆیەکی تر پێی نازانن و هەر لە ئەنتەرنێت پرێنتی بکەو ناوی خۆتی لێ بدە نمرەیەکی باش دەهێنیت، پێویستە زانکۆکان ئەو بەرنامەیەکان هەبێت و ئەو بەرنامەش تەنها بە زانکۆکان دەفرۆشرێت و لە خوارەوە لینکەکەیەتی و هیوادارم زانکۆی سلێمانی و سەلاحەدین و گشت زانکۆکانی کوردستان سودی لێ وەرگرن و قوتابیانیش سود لە توانای خۆیان وەرگرن.

گەر قوتابی فێری توێژنەوە بوو هەر زانستێکی بووێت دەتوانێت بیکات بە ئیختساسی خۆی.

https://www.turnitin.com

**هەرگیز ڕەزیلی لە کتێب کڕیندا مەکەن**

قوتابـی زۆرجـار هـەر تەرگیـزی لەسـەر ئـەو کتێبانەیـە کـە مەنهەجـەو دەیخوێنێـت و لـە کۆتـای ساڵدا بـە زانکـۆی دەداتـەوە، لەگـەڵ ئـەوەدا پێویسـتە قوتابـی هـەر مادەیـەك کـە دەیخوێنێـت کتێبەکـەی لـە هـەر جێگەیـەك و بـە هـەر نرخێـك دەستی بکەوێـت و توانـای هەبێـت بیکڕێـت باشـە بـۆ ئەرشـفی خـۆی و بـۆ ئـەوەی ئـەو زانسـتەی لا ون نەبێـت، هـەر کتێبێکـی هاوشـێوەو یاریدەدەریشـی لەگـەڵ بێـت باشـترە، چونکـە خوێندنـی ڕاسـتەقینە لـە دوای زانکـۆوە دەسـت پـێ دەکات و دەبێـت مەکتەبەیەکـی بەلانـی کەمـەوە گـەر خنجیلانـەش بێـت هەبێـت، زۆر زۆر هەڵەیـە تەنها پشـت بـە ئەنتەرنێـت و کۆمپیوتـەر ببەستیت، ڕاسـتە ئاسانەو زۆر شتی تێـدا دەسـت دەکەوێـت، بـەڵام لە بـواری کرداریـدا کـێ دانیشـتووە بەبـێ پچـڕان کتێبێـك لەسـەر کۆمپیوتـەر بخوێنێتـەوە، جگـە لـەوەی بەهـۆی ڕۆشـنایەکەیەوە زیانـی بـۆ چـاو هەیـەو زووتـر خوێنـەر مانـدوو دەکات، ئـەوە بـێ کارەبایـی لای خۆشـمان و خـاوی ئەنتەرنێـت بـا لـەولاوە بوەسـتێت، ئاساییە ڕەزیلـی لـە جـل و بـەرگ و خوارنـدا بکرێـت بـەلای منـەوە بـەس نـەك لـە کتێـب کڕینـدا.

## با دیاریەکانتان بۆ یەکتری کتێب بێت

لە ئاهەنگی دەرچوونی قوتابیاندا زۆرترین گوڵ دەکڕدرێت و زۆرترین پارەی بۆ سەرف دەکرێت، بەڵام چ گوڵێك هەیە بۆنی لە کتێب خۆشتر بێت، یان زۆرجار ئێمە سەردانی قوتابیان دەکەین بیرمان لای ئەوەیە خێزانمان مەنجەڵێك یاپراخمان بۆ حازر بکات بۆیان، یان دیاری جۆر بەجۆری تر بۆ قوتابیان دەکڕدرێت، کە حەق وایە کتێب بکرێتە دیاری و لەوەش باشتر نی یە بۆ قوتابی، هەتا بۆ چینەکانی تری کۆمەڵگەش، لە ئوردون کەسێك کە ژن دەهێنێت کتێبی بۆ دەبەن بە دیاری ئەوەی کە پێویستە بۆ ژیانیان، وەك قورئانێکی پیرۆز، فیقهی مەزهەبێت، تەفسیرێکی دیاری کراو وە هەروەها.

## ئەنتەرنێت و گۆگل بووك وەك سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ توێژینەوە

بەداخەوە زۆرێك لەوانەی ئەنتەرنێت بەکار دێنن لە کوردستاندا وەك کەرەستەیەکی کات کوشتن بەکاری دەهێنن! هەیە کە باسی ئەنتەرنێتی لەگەڵ دەکەیت وا دەزانێت مەبەستت فەیسبووکە! نازانن فەیسبووك دڵۆپێکە لە دەریای ئەنتەرنێت، زۆریش هەیە ئێستەش فێر نەبووە بتوانێت ڕاستەوخۆ ناونیشانی سایتێك لێ بدات و بڕواتە سەری، هەتا زۆرم بینووە بۆ ئەم فەیسبووکەش کە ڕۆژانە بەکاری دێنێت لە ڕێگەی گۆگلەوە دەیدۆزێتەوە!، گرنگە قوتابی فێری ئەوە ببێت لە کۆمپیوتەرەکەیدا مەلەفی تایبەت بە سایتەکان بکاتەوەو پۆلێنیان بکات بە ڕێزی یەکدا، بۆ ئەوەی وەك نەخشەیەك لە پێش

چاوی بێت و هەرکات ویستی کات نەکوژێت بە گەڕان بەدوایدا، یان ڕۆژانە شتێکی گرنگی دەکەوێتە پێش چاو بیان خاتە ڕێزبەندی ئەو پۆلێنەی کردوویەتی، زۆرجار بۆ توێژینەوە گەرچی زۆریش کتێبت لە ماڵەوە هەبێت و دۆست و برادەریشت هەبێت و یارمەتیت بدەن هەر پێویستی ترت دەبێت، ئەوکات لە ئەنتەرنێتدا سەرچاوە گەلێکی یەکجار بەسود هەن، لە زانکۆکانی جیهاندا جگە لەوەی کە بە بێ بەرانبەر دەست دەکەوێت لە ئەنتەرنێت ئەوان حساباتی تریان هەیەو پێشکەشی قوتابی دەکەن کە بە وشەی نهێنی خۆیان دەچنە ناویەوەو سود لە سەرچاوەکانی دەبینین.

### هەرگیز توێژینەوەی خۆتان بە وەرگێڕان مەکەن

زۆرێك لەو قوتابیە کوردانەی کە لە وڵاتانی ئەوروپی یان عەرەبی دەخوێنن توێژینەوەکانیان بە کوردی دەکەن و دواتر وەری دەگێڕن بۆ عەرەبی یان ئینگلیزی، لە کاتێکدا پێش ئەوەی بچنە زانکۆ مەرجی زمانیشیان تێپەڕاندووەو ئاستێکیشیان لە زمانەکەدا هەیە، بەڵام متمانەیان بە بەهێزی زمانەکە نی یەو وا بەباشتر دەزانن کە بە کوردی بیکەن و دواتر وەری بگێڕن، زۆرێك کێشەی بۆ دروست دەبێت و دواتر ئەو ئامانجەی خۆی داینـاوە لە زمانەکەی تردا بەدی نەهاتووە! وەیان کێشەی بۆ دروست بووە لە شێوازی ئاماژەی سەرچاوەکاندا، هەربۆیە گرنگە بە بڕوای ئێمە بە هەر زمانێك قوتابی بخوێنێت ڕاستەوخۆ توێژنەوەکانی بەو زمانە بنوسێت و پەنا بۆ زمانی ترو وەرگێڕانی نەبات، چونکە ئەوکاتە ئاستی زمانەکی دەکوژێت و کاتەکانی زۆری

بەهۆی وەرگێڕانەوە لە دەست دەردەچێت، بۆ نموونە کەسێك ماستەر دەخوێنێت و ماوەی خوێندنەکەی یەك ساڵە ٩ مانگی کۆرسات دەکات و تەنها سێ مانگی بە دەستەوەیە بۆ توێژینەوەی ماستەرنامەکەی و ئەو وەرگێڕانە کاتەکەی و ئامانجەکانی لێ دەشێوێنێت.

چۆنیەتی توێژینەوە

*ڕەچاوکردنی بنەماکانی توێژینەوە، وەك ڕوونی لە بابەتی بووندا بۆ نموونە بەم شێوەی لای خوارەوە

*سەردێڕ بۆنموونە (گرنگی زانستی شەرعی لە ئەوروپادا)

پیشەکی، ناوەرۆك، کۆتایی، سەرچاوەکان

*چ باس دەکرێت لە پیشەکیدا، پێشەکی دەبێت بە ڕوونی ئەوەی لەو توێژینەوەدایە بیخاتە ڕووی.

*ناوەرۆك دەبێت ووردەکاری تەواوی لەسەر باسەکە تیدا بێت، وەك ڕای پسپۆڕانی ئەو بوارە، ڕا جیاوازەکان، وە ڕای قوتابی خۆی وەك توێژەرێك و هەڵسەنگاندنی توێژەرانی ئەو بوارە.

*کۆتای دەبێت بە کورتی سەرەنجامی ئەو توێژینەوە لە کۆتایدا دەربکەوێت کە بە چ ئاراستەیەك گەشتووە، ناکرێت هەر ڕای پسپۆڕان نقڵ بکرێت و توێژەر تەنها دەوری نقڵکردن ببینێت!

*سەرجاوەکان، زۆر گرنگە قوتابی ئاگای تەواوی لەو سەرچاوانە بێت کە سودی لێ وەرگرتوون، ئەگەر هەر سەرچاوەیەکی بەکارهاتوو شتی لێوەرگیرابوو وەك دەق دەبێت ئەو بنەمایانە ڕەچاوبکات و وێنەیەکی وا نیشانی خوێنەر بدات بە ڕوونی دیار بێت ئەو دەقەی هی کێیەو لە کوێوە وەرگیراوە، بۆ نموونە بخرێت بە نێو کەوانەوە بەم شێوەیە «ان الأخلاق کظاهرة واقعیة في حیاة الانسانیة، لا یمکن تفسرها تفسیرا عقلیا» وە دەبیت ئاماژەی تێدا بیت لە دوای

داخستنی کەوانەکەوە بە کورتی کە لە کوێوە وەرگیراوە وەك ناوی کتێبەکەو ژمارەی لاپەڕەکەی بەم شێوە (الاسلام بين الشرق والغرب لا ١٧٨) ئەمە دەکرێت لە حاشیەشداو وە لەناو بەحسەکەشدا ئاماژەی تێدا بیت هەر ئاساییە، خۆ ئەگەر دەقەکە وەك خۆی نەهێنرابوو بەس فکرەکەی هێنرابوو ئەوا بەهەمان شێوە دەبێت تەنها کەوانەی یەکەم داناخرێت، ئەوە ئیتر دیارە کە فکرەکەی هەمان سەرچاوەیە بەڵام بە ووشەی توێژەر خۆی، ئیتر ئەوەی لە نێو کەوانەدا نەبوو قسەی توێژەر خۆی دەبێت ناکرێت توێژەر هەموو توێژینەوەکە قسەی خۆی بێت، وەیان هەمووی هی کەسی تر بێت، وەیان دیار نەبێت چ قسەی خۆیەتی و چ هی توێژەرێکی ترە! دەبێت هاوسەنگیەکی باش لەو نیوەندەدا ڕەچاوبکرێت، بەشێوەیەك زۆرترین سەرچاوە بخوێنێتەوەو بەکار بهێنێت و ماهیەتی خۆشی تێدا دەربخات، هەموو ئەو سەرچاوانەی کە بەکارهاتووە دەبێت لە کۆتایی توێژینەوەکەدا هەمووی بە ڕوونی و بەشێوەی ڕیزبەندی ئالفەبەد بۆ خوارەوە ڕیز بکات بەم شێوەیە

BIBLIOGRAPHY

1- Brown, Douglas, H. Language Assessment Principles and Classroom practices (USA: Longman 2004)

2- Brown, H, Douglas. Teaching by Principles An Interactive Approach to Language Pedagogy ( Addison Wesley: Longman 2001)

3- Cunningham, S. And Moor, P. Cutting EDGE (Spain: Longman 2005)

4- Harmer, J. The Practice of English Language Teaching

(Malaysia: Longman 2005)
5- Krashen, S. Language Acquisition and Language Education (Prentice Hall International 1985)
واتـه نـاوی نووسـەر، نـاوی کتێبەکـەی، ئـەو دەزگایـەی چاپـی کـردووە، سـاڵی چاپکـردن.

**جیاوازی توێژینەوەی زانکۆکانی ئەوروپا و کوردستان**

ئێمـە گـەر سـەرنج لەسـەر توێژینـەوەو بنەماکانـی توێژینـەوە بدەیـن ئـەوا دەبێـت جیـاوازی توێژینـەوە نەبێـت نـەك لـە کوردسـتان و ئەوروپـا بەڵکـو لـە هیـچ وڵاتێـك، چونکـە ئـەو بنەمایانـەی کـە توێژینـەوەی لەسـەر بونیـاد دەنرێـت بـە زمانـە جیـاوازەکان هەمـووی بەردەسـتن و زانکۆکانـی جیهانیـش پشـتیان پـێ دەبەسـتن، ئـەوەی وەك بنەمـای زانسـتی و گـەر لـە ڕوکەشـدا بەجیـاواز دەبینرێـت تەنهـا ڕووکەشـیەو لـە ناوەرۆکـدا جیاوازی لـە تیـۆری توێژینـەوەدا شـتێکی ئەوتـۆ نـی یـە، گشـت توێژەرانـی بـواری توێژینـەوە کۆکـن لەسـەر ئـەوەی کاتێـك توێژینەوەیـەك دەکرێـت دەبێـت کێشـەیەك یـان بابەتێـك هەبێـت بـۆ توێژینـەوە لەسـەرکردن و دواتـر ئەنجامـی توێژینەوەکـە دیـار بێـت، گـەر وەك زانسـتی بیـرکاری لێکـی بدەینـەوە کێشـەکە ئەنجامێـك بـدات بـە دەسـتەوە، هەرچەنـد زۆرجـار توێـژەر ناتوانێـت ئەنجامیـش بـدات بـە دەسـتەوە بـەڵام بەلانـی کەمـەوە دەبێـت لای خوێنـەر قەیرانـەکان بخاتـە ڕوو، هـەروەك چـۆن گرنگـی هەیـە ئـەو سـەرچاوانەی کـە پشـتی پـێ دەبەسترێت بـە ڕوونی لـە توێژینـەوەدا دیـار بێـت کـە کام بڕگـەی بـۆ کـێ و وە کام بیرۆکـەی بـۆ کـێ دەگەڕێتـەوە.

ئـەوەی لـە زانکۆکانـی کوردسـتان دەبینرێـت زیاتـر پڕکردنـەوەی ئـەو بۆشاییەیە کە بـۆی دیارکـراوە وەك ڕێـژەی نووسـین گەرنا چ وەك بنەما تیۆریـەکان و چ وەك ڕوونـی دەق و بیرۆکـەکان زۆجـار لادانـی بەرچـاوی پێـوە دیـارە، ئەویـش زیاتـر بـۆ لاوازی ئـەو سسـتمە دەگەڕێتـەوە کـە زانکـۆکان کاری پـێ ناکـەن، بـۆ نموونـە لـە بەریتانیـا بـۆ زانکـۆکان لـە ٩٨٪ دەکـەن، کـە لـە ڕێگـەی ئـەو بەرنامـەوە توێژینەوەکـەی Turnitin کار بـە سسـتمی تێرنتئـن ی تێـدا دیـار دەکرێـت، واتـە گـەر قوتابـی یـان توێـژەر بەشـێوەیەکی Plagiarism ڕێـژەی نەرێنـی سـودی لـە زانیـاری وەرگرتبێـت ئـەو بەرنامەیـە دیـار دەکات و توێژینەوەکـە وەرگیـراو نابێـت، لـە کوردسـتاندا جگـە لەوەی ئـەو بەرنامە یـان بەرنامە هاوشـێوەکانی کاری پێناکرێـت هەتـا زۆرجـار توێژنـەوەکان لـە ڕووی تیۆریشـەوە پێچەوانـەی بنەمـا زانسـتیەکان توێژینـەوە دەکرێـت، بـۆ نموونە سـەیری توێژینەوەیەك دەکەیـت توێـژەرە دەکەیـن چەندیـن لاپـەڕە دەخوێنیتـەوە دیـار نـی یـە ئـەم دەق و بیرۆکانـە هـی خـودی نوسـەرە یـان لـە سـەرچاوەیەکەوە وەرگیـراوە، زۆرجـار لـە سـەرچاوەکاندا توێـژەر دەیـان نـاوی کتێـب ڕیـز دەکات بـەڵام لەنـاو توێژینەوەکـەدا هیـچ ئاماژەیەکیـان بـۆی تێـدا نـی یـە، کـە ئەمـە پێچەوانـەی توێژینـەوەی زانسـتیەو خوێنـەر چـۆن بزانێـت کام لـە بڕگەکانـی توێژینەوەکـە دەگەڕێتـەوە بۆئـەو سـەرچاوانەی کـە لـە کۆتایـی توێژینەوەکـەدا ئامـاژەی پێکـراوە.

هـۆکاری نەبوونـی بنەمایەکـی دروسـت و زۆر کاری تـر وای کـردووە ئاسـتی توێژینـەوەی زانکۆکانـی کوردسـتان زۆر بـە لاواز ببینرێـت، هەربۆیـەش گەندەڵـی لـەم بـوارەدا زۆرجـار دۆزراوەتـەوە بەشـێوەیەك کاکـی بەنـاو توێـژەر توێژینـەوەی زانکۆیـەك یـان کەسـێکی تـری بەنـاوی خۆیـەوە کـردووە، لـە زانکۆکانـی ئەوروپـا کاتێـك قوتابـی توێژینەوەیـەك

پێشکەش دەکات دەبێت بە شێوەی کۆپی و هەم ئەلترۆنی پێشکەشی بکات بۆ ئەوەی ئەو توێژینەوە بچێتە ناو سستمی ئەلکترۆنیەوە تا لە ئایندەدا کەسێکی تر نەتوانێت بۆ خۆی بەکاری بهێنێت، بەڵام لە کوردستاندا ئەو کاری پێناکرێت و زۆرێك لە توێژینەوەکان دوای چەند ساڵ لە مەخزەنەکاندا تۆزی لێ دەنیشێت و ون دەبێت، جگە لەوەی زمانی کوردی خۆشی بۆ خۆی لەم بوارەدا کێشەیەکی ترە کە تا ئێستە ئەم زمانە نەتوانراوە بخرێتە ناو سستمی ئۆفیس و ئەلترۆنیاتی جیهانیەوە ئەمەش دیسان کاریگەری نەرێنی لەسەر زانستی توێژینەوەکان دەبێت و دەرگای نەرێنی دەکاتەوە.

لەگەڵ نەبوونی ئەو سستمەدا سەرپەرشتیارانی توێژینەوە ئەوەندە چاوکراوە نین خۆیان بتوانن لە ڕێگەی گەڕان لەو ماڵپەڕانەی کە بواری گەڕان تێیدا فراوانە بەدواداچوونی وردی بۆ بکەن، لە زانکۆکانی ئەوروپا کاتێك قوتابی توێژینەوە پێشکەش دەکات دەبێت واژۆی بکات ئەو توێژینەوە لە جێگەیەکی تر پێشکەش نەکرابێت و بە پێچەوانەوە جگە لەوەی فەسڵ دەکرێت لێپێچینەوەی یاسایشی لەسەر دەکرێت و لە ڕووی یاساییەوە بە دز دەژمێردرێت.

## خوێندن لە دوورەوە وەیان لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێت

بۆ ئەو کاسانەی کە خولیای خوێندنن و وە ڕێگرهەبووە وەیان هەیە لەبەردەمیاندا. ئاشکرایە هۆی پێشکەوتنی وولات، هۆشیاری کۆمەڵگە، چارەسەری گرفتەکان، وە زۆرێکی تر لە ڕێگەی خوێندنەوەیە. دەتوانین بڵێین خوێندن کلیلێکە بۆ کردنەوەی دەرگاکان، هەر لەبەر ئەمەشە گرنگیەکی زۆری پێ دراوەو لە ئاینی ئیسلامدا ئاشکرای هەموو لایەکە، یەکەم ئایەتی قورئانی پیرۆز کە دابەزی بە (بخوێنە) دەستی پێ کرد وەك دەفەرمووی (اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ) سورەتی علق ١ بەڵام بەداخەوە ئەوەندەی کەسانی نا مسوڵمان سودیان لەوە وەرگرتووە بەشیوەیەکی گشی، ئێمە ئەوەندە سودمەند نەبووین لێی. ئەگەر سەیری ڕێژەی نەخوێندەوار بکەین لە وولاتانی ئیسلامی بە بەراورد لە گەڵ وولاتانی تردا زۆر زۆرە، نامانەوێت باس لە گرفتەکان بکەین دەکرێت وازی لێبهێنین بۆ بابەتێکی تر. ئەوەی مەبەستە لەم نوسینەدا وەك لە سەرەوە ئاماژەمان پێکرد خوێندن لە دوورەوە وەیان لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێتە، زۆرن ئەو کەسانەی کە حەزیان لە خوێندنە بەڵام بەهۆی کۆمەڵە مەرجێك بۆ خوێندن! وەیان کۆمەڵێ گرفتەوە ناتوانن ئەو پرۆسەیە ئەنجام بدەن، بەڵام خوێندنی لە دوورەوە وەیان لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێت مەجالێکی فراوانترو وە ئاسانکاریەکی زۆر دەخاتە بەردەم قوتابیان بۆ بەهێز کردنیان لەو بارەوە. هەتا بۆ وەرگرتنی بڕوانامەش هەتا پلەکانی زانکۆ و وە بەرەو سەروتریش، زۆرن ئەو زانکۆو مونەزەمانەی کە ئەم جۆرە خوێندنەیان لێوە دەکرێت. بە ئاسانی لە ئەنتەرنێتەوە دەتوانرێت بدۆزرێنەوە. نمونەی ئەم جۆرە خوێندنانە ناسراوە بە

(Distance Learning) ئەوانەی کە لە خوێندن دواکەوتوون وەیان گرفتێك لە گرفتەکانیان هەیە یان هەبووە دەتوانن لەم ڕێگەوە تەعویزی بکەنەوەو، وە بگەن بەو ئاوات و مەرامەکانیان.

**ئەوروپا**

کوردانــی هەنــدەران گەورەتریــن هەلــی خوێنــدن و فێربوونیــان لەبەردەســتدایە، حــەق وایــە ئــەو دەرفەتــە بقۆزنــەوە، ســەدان دەزگای فێرخــوازی جــۆر بەجــۆر بــە تەکنیکــی زۆر بەهێــزەوە هەیــە لــەم وڵاتانــەدا، جێگــەی ئەوەیــە خولیــای بیــری گەنجەکانمــان بێــت.

===

سســتمی خوێنــدن و فێربــوون لــەم وڵاتــەدا جگــە لــە گرنگــی لایەنــی زانســتیەکەی مایــەی چێــژێ و خۆشیشــە، مامۆســتاکان نموونــەی مامۆســتا، ئامێــرەکان لــە پێشــکەوتووترین ئامێرەکان، گشــت کەرەســتەکان بەردەســتە، تەنهــا ئیــرادەی ڕاســتەقینەی دەوێــت.

===

ســەیرم بــە هەندێــك لــە گەنجــان دێــت لەم وڵاتــەدا، هــەر کــە دەگات یەکەم کار کــە دەیــکات دانانــی ســەتەلایتە بــۆ کەناڵــە کوردیــەکان، بــرا باشــەکەم یــەك شــەقی پیاوانــە لــە ســەحنەکە هەڵدەو بــڕۆ بــەدوای خوێندنــدا بگەڕێ، هــەر کەناڵــە کوردیــەکان بــوو ڕەنجــی زۆرینــەی بێــوەر کــرد، ئــەوە نــی یــە خــوا پێمــان نەگرێــت دەڵێــن کەناڵێــك هەیــە هــەر کــە کارەبــا هاتــەوە فلیمــە یــاروان دەخاتــە ســەری!

===

لە داخی هەندێك كەس ناوسكم بای كردووە! ئاخر نەتەقیتەوە لە داخا، كابرا ئەو موجازەفە گەورەی كردووەو گەشتووتە ئەوروپا، ئیقامەی وەرگرتووە، گشت دەرگاكانی بە ڕوودا كراوەتەوە، كەچی شەو و ڕۆژ خەریكی كاری خراپە! لەبری خوێندن و ئیستغلال كردنی وەقتەكانی! كەچی دەچێتەوە كوردستانیش دەڵێن واللە باشە كوردیەكەی لەبیر ماوە! كاكە برا گیان زمانەكەی لەبیر ماوە ئەخلاقەكەی لەبیر چووەتەوە!

===

**كوردستان**

سستمی پەروەردە لەم وڵاتەدا هەر لە ٩١ەوە بە سەقەتی كاری لەسەر دەكرێت و چینی مامۆستا بەچەندین جۆر لە سایكۆلۆژی تاكدا سووككرا، ئەویش بەوەی كۆمەڵێكی نەخوێندەوار بە دەورەیەكی خێرا كرد بە مامۆستاو دواتر هەتا پلەی بەرزی وەزیفیشی پێ درا، دوای ئەوە تایبەتمەندی مامۆستاو كاركردن بە پرۆفیشناڵیەت نەماو وانەكانیان سەقەت كرد بە تێكەڵكردنی و وتنەوەی بە مامۆستای جیاواز، بەرزبوونەوەی پلە لە كۆمیتەو لقەكاندا بڕیاری لەسەر دەدراو بە پشتگیری نەخوێندەوارەكان ئاستەكان هەڵكشان و داكشانی پێ دەكرا، تەنها بە پارە هاوسەنگیەكانیان دەپاراست و هەریەك لەبەر موچەكەی سەری خۆی شۆڕ دەكردوو هەموو ئەوانەی قبوڵ دەكرد، ئێستە وا موچەكەش خرایە مەترسی دواكەوتن و فەوتانەوەو دەردی كابرا دەڵێ موچەكەو جوانە.

===

پرۆسەی خوێندن و فێرکاری و ئاستی زانستی خوێندن بە شێوەیەکی گشتی لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا جێگەی تێبینییەو زۆرجار باست و خواستی لێوە دەکرێت، بە پێی ئەو داتا نێودەوڵەتیانەش کە ئاستی زانستی دەپێوێت عێراق و هەرێمی کوردستان لە ئاستێکی زۆر نزمدایەو جێگەی ئەوەیە بە بایەخەوە کاری لەسەر بکرێت، گەر سەیری چۆنیەتی و جۆریەتی و گشت ئەو کەرەستانەی کە لە خزمەت خوێندندا بەکار دەهێنرێت لە وولاتانی جیهاندا لە عێراقدا زۆرێکی هەر بوونی نی یە، وەیان بوونی هەیەو تا ئێستە سودی لێ نەبینراوەو کاری پێ نەکراوە، بۆ نموونە سیستمی خوێندن لە ڕێگەی ئەنتەرنێتەوە (ئۆنلاین)، دەبینین ساڵانە بە تایبەت لە چەند ساڵی ڕابردوودا حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەروەتێکی بێ شوماری لە قوتابیاندا سەرف کردووە بە ناردنیان بۆ وولاتانی دەرەوە، لە کاتێکدا ناڵێین هەمووی، بەڵام بەشێکی زۆری دەیان توانی لە ڕێگەی ئۆنلاینەوە هەمان مەبەست بپێکن بە بڕێکی زۆر لەوە کەمتر کە سەرفکراوە بۆیان، جگە لەوەی دەیانتوانی لەگەڵ خوێندنەکەشدا جێگەو پۆستەکانیان بە بەتاڵی نەمێنێتەوە، بۆ نموونە مامۆستای وا هەیە بەهۆی سەفەرەوە بۆ خوێندنی ماستەر یان دکتۆرا کە زیاتر وەك سودێکی تاکی سەیر دەکرێت لەولاوە زۆرێك لە قوتابییەکانی بەبێ مامۆستا ماونەتەوەو کارەکانیان زیاتر ڕای کراوە وەك لەوەی گرنگی زانستی پێ بدرێت.

زۆر ڕێگە هەیە بۆ خوێندن هەروەك زۆر گونجان و ئاسانکاریش هەیە، کە دەکرێت کوردستانیش وەك هەر وولاتێکی تر قوتابیانی پێ سودمەند بکات، نەك ئەو ئاستە فراوانە لە دونیادا دروست

بــووەو کاری پــێ دەکرێــت لێــرە بەرتەســك بکرێتــەوە، کــە دەتوانرێــت لــەم ڕێگەیــەوە هەتــا ئاســتی نەخوێندەواریــش زۆر کــەم بکرێتــەوە، لــە وڵاتانــدا زۆر لــە کەســانی بەســاڵا چــوو لەگــەڵ ئیــش و کاری خۆیــان و ناوماڵیشــدا لــە ڕێگــەی ئەنتەرنێتــەوە تــا پلــەی دکتــۆرا بەدەســت دەهێنــن. کەچــی لــە کوردســتان بــۆ ئــەم جــۆرە کەســانە ئەوەنــدەی لــە پاســپۆرت و فیــزای دەرچــوون و هاتــن دەکۆڵنــەوە ئەوەنــدە تێــزی دکتۆراکــەی و زانســتەکەی هەڵناســەنگێنن و لــەو جــۆرە کەســانە ســوودمەند بــن و هــەم هاندەربــن بــۆ کەســانی تــر کــە هەنــگاوی جــدی لــەم بــارەوە بنێنــن.

===


**کۆتایی:-**

ئــەوەی کــە باســکرا تەنهــا خوێندنەوەیــەی ســەرپێی و جوڵانــی گەنجانــە بــە زمانــی ئاســایی و وەك پەیامــی کــورت و دان بــە گوێیانــداو جوڵانیــان لەپێنــاو ئامانجێــی گــەورەدا.

لەگەڵ فراوانی و ئامێرو دەزگا خزمەتگوزاریەکانی فێربوونی سەردەمدا، هێشتا ئێمە لە سەرەتایەکی زۆر سەرەتایداین، وەك پێویست و وەك ئەوەی کە هەیە سودمان لەو ئامێرو خزمەتگوزاریانەی سەردەم وەرنەگرتووە.

مادام لە بنەڕەتدا دەستمان دەگات بە ئامێرەکان و موتەوەفرە لە بەردەستماندا، دەکرێت ئێمەش هاوشانی گەلانی تر، بە کەمترین ماوەو تێچووی ئامانجەکانمان بپێکین، نەك هەر لەسەر هەمان ڕێچکەی کۆن و دووبارەکردنەوەی هەڵەکان.

چەند وانەو تێبینی گرنگ و خێرا بۆ قوتابیان لەم پەیامەی قیبلەدا.



پەیامی زانستی

د.عومەر عەلی

٢٠١٩

ISBN 978-168454167-6